

KURDISTAN


ناڵەی جودایی... شارکارە دەگمەنەکەی هێمن
نووسینی: جەبار جەمال غەریب
کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ڕەحمان نەقشی

## نامیلکەی؛


(نالەی جوادیی.. شاکارە دەگمەنەکەی هێمن) نووسینی جەبار جەمال غەریب نووسەر و لێکۆڵەر و ڕۆماننووسێکی کوردی.
دەستخۆش کاک جەباری خۆشەویست هەر تەندروست و تەمەن درێژ بن بۆ گەل و نیشتمان.

## ناوەڕۆک:


- هێمن.. سیمبولی بێئومێدی و ئومێد ........................ ٣
- نائومێدییەکەی هێمن، من بوومە میراتگری ........................ ٥
- هێمن خۆی ........................ ٩
- ناهومێدیی هێمن لە شیعرەکانیەوە ........................ ١٢
- نالەی جوادیی.. شاکارە دەگمەنەکەی هێمن ........................ ١٥
- هێمن، ئازاد لەوپەڕی سادەییدا ........................ ١٩
- نالەی جودایی.. مەی وەک دوا پەنای شاعیر ........................ ٢٣
- هێمن، شەڵاڵ لە کورد ........................ ٢٧
- هێمن بە ڕەنگی پاییز ........................ ٣٠


کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ڕەحمان نەقشی

## هێمن.. سیمبولی بێئومێدی و ئومێد




**جەبار جەمال غەریب**

بۆ خۆشم سەرم لەو ناونیشانە سوڕ ماوە، بەڵام دەزانم دەبێ وابێ، دەبێ ئەو ناونیشانەی هەبێ، بەلای کەمەوە بۆ ژیانی من و بیرەوەریی من لەسەر ئەو پیاوە، لەسەر ئەو شاعیر و هاوڕێ تەمەنبڕە. مەبەستم ئەوە نییە، هاوڕێم بێ، نا، ئەو لەوە گەورەترە هاوڕێی من بێت، ئەو هاوڕێی تەمەنبڕی نەوەکان بوو.

نەوەی خۆی، مەبەستم ئەو نەوەیەی ئەویان لە کۆڵانەکانی لاچین و مهاباد و خانەقای بورهان ناسی و لەگەڵیدا گەورە بوون، هەژار و زەبیحی و قازییەکان و هەموو نەوەی کۆمار لە هەموو کوردستان. ئەو هاوڕێی نەوەی پێش منیش بوو، بووە هاوڕێ و مامۆستای نەوەی منیش، نەوەی دوای منیش، نەوەکان دەڕۆن ئەو دەمێنێتەوە، نەوەکان پیر دەبن و ئەو هەر لاوە، نەوەکان دەبنە برادەر و هۆگری شیعرەکانی، هۆگری هەست و وشەکان، هۆگری ژیان و ئاوارەییەکەی، هۆگری ڕەنجەڕۆییەکەی، هەتا هۆگری چەرخە سپڵەکەی.

- ئەو شاعیرە کەڵەگەتە، بەدەسەڵاتە، کەرتەشاخە، بۆ ئەوە نابێ من دەربارەی بنووسم، چونکە من تەنیا وەک هەنگێک،

وەک هەنگێکی زەردی تووکن، شیلەی ئەوم مژیوە، بۆنی ئەو ڕای کێشاوم، دەنگی ئەو بردوومی، من شیلەی ئەوم مژیوە، من قەرزی ئەو دەدەمەوە.

هەر بۆ ڕوونکردنەوە، وەک گەدایەک، وەک دەروێشێک دەگەڕێم و بە وشەیەکیش بێ قەرزی ئەو گوڵ و باخچە و دارستانانە دەدەمەوە، بۆنێکیان کردووەتە هەناسەمەوە. مەرجیش نییە سەرکەوتوو بم، هەوڵم دا قەرزی (نالی)یش بدەمەوە، بە چیای ئەویشدا هەڵڕۆسکام، حەوت وتاریشم دەربارەی نووسی. خۆم بۆ ئاسمانی (گۆران)یش هەڵ دا، ئەویش زۆر زۆری دابوومێ، نازانم پێم وابوو سەرنەکەوتووم و تەنیا تەپوتۆزم لە دەوری ناویان دروست کردووە.

لە خۆشم وەڕس دەبم، ئەدی قەرزی پیرەمێرد و ئەحمەد و تاهیر بەگی جاف و ئەمین زەکی و تۆفیق وەهبی و عەلائەدین سەجادی، کەس نا مەلا حەمدوون و بێخود، ئاخر من قەرزی ئەو لافاوی هەیەجانە چۆن بدەمەوە، کە (ئاخۆ بە چ داخێکەوە گیرساوە دڵی من) دەیخستە ناو هەناومەوە؟.

با هەوڵێکی دیکەش بدەم، خۆم لەو چیایەش هەڵسووم، بەرەو ڕووی (هێمن)یش بچم.

- ئەو هێمنە، بەو هەموو هێمنییەوە ئێمەی داگیر کردووە، بەو هەموو هێمنییەوە منی پڕئومێد و بێئومێد کردووە. چۆن بێئومێد و ئومێد پێکەوە؟

- ئەوە ناشاردرێتەوە شیعری هێمن، شیعری بەرگری و ئومێد و سەرکەوتن بووە. دیتنی ئومێد لەناو تاریکیدا، هەستانەوە لەناو قوڕدا، فڕین لە تەمومژدا، فەزای ناو شیعرەکانی ئەوە.

گەرچی تووشی ڕەنجەڕۆیی و حەسرەت و دەردم ئەمن
قەت لە دەست ئەو چەرخە سپڵە نابەزم مەردم ئەمن

تەنیا دەلالەتی وشەکان، ڕەنجەڕۆیی، حەسرەت، دەرد، چەرخی سپڵە. هەموو ئەوانە بەرەو ڕووی کەسێک، یان نەتەوەیەک بووەتەوە، یان هەردووکیان. هێمن ڕووبەڕووی هەموو ئەوانە بووەتەوە، ڕەنجەڕۆ بووە، حەسرەتی کێشاوە، دەردی دیوە،

چەرخ لەگەڵیدا سپڵە بووە، دەبێ ئەوەش بزانین، دوا سزای چەرخ بەرامبەر هاوسەفەرەکانی سپڵە بوونە.

- ئەریّ ئەوانە وشە و ئاماژەی ئومێدن، ئەوانە سیمبولی هیوا و ئاواتن، بێ گومان نەخێر، هەموویان کەرەستەی ڕووخان و سەرکوتکردنن، کەرەستەی ملپێکەچکردن و پانکردنەوەن، بەڵام نیشانەی بێئومێدییش نین، هەر ئەوە گرنگە، کە بۆنی بێئومێدییان لێ نایەت، بەپێچەوانەوە، ئەوانە چۆن کەرەستەی ڕووخانن، بە هەمان شێوە، کەرەستەی بەرگری و مانەوەن، کەرەستەی کەوتن و هەستانەوەن. کەرەستەی هەر شتێک بن، لە تۆنی هێنمدا کەرەستەی بێئومێدی نین.

- هێمن هەموو ئەو دەردانەی دنیا بۆی ناردووە، هەموو دڵڕەقی و سپڵەیی چەرخی بە تەنیا دوو وشە بەتاڵ کردووەتەوە، بە دوو وشە هێزی هەموو نەهامەتییەکانی مژیوە.

- کام دوو وشە: گەرچی...نابەزم، تەنیا ئەو وشەیە بەسە بۆ ئەوەی تۆنی هێمن، تۆنی شیعر و ئیقاعی هێمن، هەموو ناخۆشییەکان سفر بکاتەوە.

## بۆچی ئەو شیعرەم باس کرد؟

- من وەک قەرزدارێکی هێمن، بەهۆی ئەو شیعرەوە فێری بەرەنگاربوونەوە بووم، فێری دۆزینەوەی ئومێد بووم لە تاریکیدا، فێری دۆزینەوەی گەوهەر بووم لە چڵپاودا. ئەو شیعرە وانەیەکی داومێ، هەرگیز نەمزانی کۆڵدان مانای چییە؟ ملکەچی هەرگیز نەیتوانی لێم نزیک بێتەوە، بەڕاستی خۆم بە خاوەنی دەرد زانی، زانیم کوڕی میللەتێکی هەتیوم و دەبێ ڕەنجەڕۆ بم، دەبێ چەرخ و جیهان بەرامبەرم سپڵە بن، بەڵام هەر لە سەرەتاوە ئەوەم دانابوو کە من نابەزم، نابەزم و کۆڵ نادەم.

ئەو دوو دێڕە لە ناخەوە منی داڕشتەوە، لە ناخەوە دەستکاریی کردم، بێ گرمە و هاوار داگیری کردم. ئەوە تەواو ئەو دوو دێڕەیە، کە تا ئەمڕۆ، هیچ هێزێک، بە نەفسی ئەمارەی خۆشمەوە، بوێریی ئەوەی نەبووە هەوڵ بدات لێمی جیا بکاتەوە.
- من وشەکانی دیکەم نەدیت و نەچوونە مێشکمەوە، تۆنی گەرچی تووشی ڕەنجەڕۆییم، هەموو شتێکی بە من گوت. من لەناو (گەرچی)دا وەک ئاسن قاڵ بوومەوە و دروست بوومەوە، بە شێوەیەک هەرچی لەدوایەوە بێت، هەر عەزابێک لەدوایەوە بێت،

هیچ مەترسی و بەهایەکی نییە، چونکە من نابەزم.

بێئومێدییەکە لە کوێدایە؟ ئاخۆ ئەویشی بە میرات بۆ من بەجێ هێشتووە؟

١٠ - ٢ - ٢٠٢٢

## نائومێدییەکەی هێمن، من بوومە میراتگری

بۆ ئەوەی مەبەستم بێت، من خوێنەرێکی وردی هێمن بووم، سەردەمی هێمن، ئەو کاتەی پەڕیوەی ئەو دیوە بووبوو، یان لە بەغدا بوو، ئەو کاتە گەرمەی بڵاوبوونەوەی بەرهەمەکانی هێمن بوو، لەو دیوەی کوردستان.

)تاریک و ڕوون) جوانترین و کاریگەرترین کتێبی سەردەمەکەی خۆی بوو، من بەبێ ئەوەی هێمن بناسم و کاریزمای ئەو پیاوە وەک خەباتکارێکی سیاسی و ئاوارە لەپێناو وڵاتدا بووبێتە بەشێک لە خولیام، لە (تاریک و ڕوون)ەوە هێمنم وەک شاعیر و پیاوی سەر کاغەز ناسی.

بە هێمنی و نەرمی هاتە ناو ژیانمەوە، بە توندی و پێداگرییەوە مایەوە.

### نائومێدی و ناوی هێمن

گێژێک (مەبەستم گێژی ناو گۆم و چۆمانە)، ئا گێژێکم لەناو شیعری هێمندا دەدیت، گێژێک کە قووتی دابای زەحمەت بهاتبایەوە دەرێ، ئەو گێژەش لە هەموو شیعرێکی هێمندا هەبوو، زەقیش بوو، بەس من بە ملهووڕیی خۆم، بە کەللەڕەقی و خوێنگەرمیی هەرزەکارێکەوە، نەمدەویست ئەو گێژە ببینم و بەسەریدا بازم دەدا، دەکرێ ناوی بنێم گێژی نائومێدی.

### گێژی نائومێدی و بەرەو ئاسۆ

(بەرەو ئاسۆ) شیعرە بەناوبانگەکەی هێمنە کە ئاوا دەست پێدەکات (سۆفی پیری خانەقا بووم ئێستا پیری مەیکەدەم. سەرجەم بەرهەمەکانی مامۆستا هێمن لاپەڕە ٢٧٠)

من سەرناوی ئەو شیعرە و ئاسۆم نەدی، شیعرەکەم خوێندەوە، لە گۆڤاری ڕەوشنبیری نوێی لاپەڕە پان و درێژ بڵاو کرابۆوە، لە بەرگی یەکەم دیوی ناوێی، شیعرەکە بە دیزاینێکی جوان چاپ کرابوو.

وەک شەپۆلی زێی خوڕم ساتێ هەدادانم نییە

**گێژ دەخۆم، پێچی دەدەم، من ڕۆڵەی کوردی ئەو سەدەم**

**شیعرەکە پڕە لە بەرەنگاربوونەوە، پڕە لە سەختیی ژیان و پێکهەڵپڕژان، ڕووبەڕووبوونەوە، هەمووشی لە زمانێکی پڕ جیلوەی جوانی باڵادا.**

**- شیعرەکە وەک گێژەڵووکە بردمی، بردمی بۆ ناو هەزار گەوە و تونێل، بەڵام بردنی شیعری هێمن لەگەڵ خۆی، نەک بۆ من بۆ بەشی هەرە زۆری خوێنەرەکانی ئاساییە، تا گەیشتمە (وەک دڵۆپێک دەچمە نێو دەریای عەدەم) عەدەم دوا دێڕی ئەو شیعرەیە، من شیعرەکەم لەبیر چۆوە و دوای ئەو وشەیە کەوتم، هێشتاش نەگەیشتبوومە نائومێدیی تەواو، هەر عەدەم بۆ من نائومێدی بوو، چونکە خودی هێمنم لە خوێندنەوەدا ناسیبوو، بەرگری و شۆرشگێڕییەکەی، نەیدەهێشت تەسلیم بم، ئەوەی تەسلیمی کردم، ئەوەی کوشتمی، وێنەیەک بوو.**

## وێنەی نائومێدی

**- لەگەڵ دوا وشەی شیعرەکەدا، کە جوانتر سەیری لاپەڕەکەم کرد، لەلای چەپی شیعرەکە وێنەیەکی هێمن بڵاو کرابۆوە، وێنەیەک منی شێواند، منی تا ئەوپەڕی دنیا لەگەڵ خۆم دوور خستەوە.**

**وێنەکە، فۆتۆیەکی ئاسایی بوو، دەشێ بەڕێکەوتیش گیرابێ، بەڵام ئەو وێنەیە ژیانی منی گۆڕی و لە کەسێکەوە کە هەواو نەفەسێکم هەیە کردمییە کەسێک کە ئێسقانی دنیا دەقرۆسمەوە بۆ ئەوەی بژیم.**

**- ئەوە چۆن رووی دا؟**

**- لە زەینی مندا هێمن لە لوتکەی داهێناندا بوو، پاشای عەرشی شیعر و جوانی بوو، ڕەمزی نەتەوەپەروەری و خەبات بوو، هەموو شتێک کە هێمن و ناوی هێمنی پێوە بەند بوو شاکار بوو، کە من هەرگیز بیرم لەوە نەدەکردەوە لە ناوبانگ و داهێناندا ڕۆژێک بە گەری پێی بگەم.**

**- ئەوە پیاوەی، ئەو هێمنەی خەیاڵی منی لە وێنەکەدا، لەوپەڕی بێئومێدیدا بوو، بێئومێدییەک کە پێشتر بە ڕووخساری کەسمەوە نەدیبوو.**

- قژێکی ئاڵۆزکاوی سپی کە با بردبووی.
- کوڵم و ڕووخسارێکی بێڕەونەق و هێز.
- نیگایەکی کز و نیمچە داخراو.
- هەموو ئەو ڕووخسارە ڕیشێکی سپیی پەڵەپەڵە، هەر مووە ڕوو لەلایەک داپۆشیبوو.

## من میراتگری نائومێدیی هێمنم

- لە وێنەکەدا نائومێدییەکی قووڵ و لە شیعرەکەدا شکۆیەکی گەورەم دیت، ئەو نائومێدییە بووە میراتی هێمن بۆ من و لەو کاتەوە لە قوڵایی ئیشکردن و ژیاندا نائومێدییەک دەمگرێت و هیچیی ژیانم دەخاتەوە بەردەم.

- هەر لە زەینی خۆمدا، گوتم، پیاوێک، شاعیرێک بەو هەموو شکۆ و جوانییەوە، بەو هەموو داهێنان و کارکردنەوە ئەوەندە نائومێدی بێ من چیم پێبکەنم و بەختەوەر بم! من چی! پیاوێک لە لوتکە شانازی و ناوبانگدا ئەوەندە شکابێ، من چی، باسی بەختەوەری بکەم!

- هێمن هەموو شتێکی خۆی بە نەتەوەکەی، بە نیشتمانەکەی، بە دەوربەرەکەی بەخشیبوو، منداڵی و هەرزەکاری و گەنجی و پیریشی بەخشیبوو، ئەوەی من لەو ڕووخسارەدا دیتم ئەوە بوو، لە بەرانبەر ئەوەدا هیچی وەرنەگرتبوو، بەتاڵ بوو، بەتاڵ، خۆی نا، ژیانی ڕۆژانەی.

- من ئەو بێئومێدییەی هێمنم بە میرات بە دەست گەیشتووە، نەمدەتوانی نەمەوێ، جگە لەوەش لە ناخەوە لەگەڵ بوونی من دەکالایەوە. دەیان شتی دیکەم بەدەست گەیشت، هەر یەکەیان ماوەیەک لام مانەوە تەنیا ئەو بێئومێدییە نەبێ، بۆ ساتێک جێی نەهێشتم.

- بۆ گەیشتن بە شتێک لە حەقیقەتی هێمن، هەوڵ دەدەم، بە وردی شیعر و بەرهەمەکانی بخوێنمەوە، مەبەستم ئەو شیعرانەیە کە خودی هێمن، هەست و سۆز و دڵشکانەکانی تێدا دەبینم.

٢٣ - ٢ - ٢٠٢٢

## هێمن خۆی

### شاعیر لەودیوی شیعرەکانیەوە کێیە؟

من باوەڕم بەوە هەیە نەک شاعیر، هەر ئینسانێک بۆ خۆی لە کەسێک زیاترە یان کەسێکە و چەند ڕووی جیاوازی هەیە، لە ڕووی جیاواز مەبەستم تێگەیشتن یان فێلە کۆمەڵایەتییەکە نییە، کە شاعیر دیوێکی هەیە نایەوێ دەرکەوێت دەیەوێ بیشارێتەوە، نەخێر هەرگیز مەبەستم دیوی ساختە نییە.

بۆ ئەوەی دوور نەکەومەوە دەبێ باسی هێمن بکەم، ئەو کەسایەتییە ناسراوە.

- هێمن ویستوویەتی کەسایەتییە کۆمەڵایەتییەکەی هەمان کەسایەتیی شیعری بێت، ئەوە چۆن؟
- هێمن خەباتکارە، بەشی زۆری شیعرەکانی هێمن ڕەمزی خەبات و شۆڕشگێڕین.
- هێمن نەتەوەپەروەرە، شیعرەکانی هێمن وێردی سەر زمانی نەتەوەپەروەرانە.
- هێمن گوندییە و حەزی لە ژیانی سادەیە، ئەوەش بە دەیان شیعریەوە دیارە.
- هێمن عەشقی جوانیی ژنە، شیعرەکانی شاهیدن لەسەری.

دەتوانین بۆ هەریەکێک لەوانە و چەندان ناونیشانی دیکە، دەیان نموونەی شیعری بهێنینەوە، بەڵام ئەوەی من دەمەوێ لەسەر هێمن باسی بکەم، یەک شتە، ئەویش ئەوەیە:

- هێمن لە کوێدا خۆیەتی؟ هێمن لە کوێدا هی خەڵکە؟
- دۆزینەوەی ئەوە، دۆزینەوەی خودی هێمن لە شعرەکانیدا سەختە بەڵام ئەستەم نییە.
- هێمنی هەموان و هێمنی (خۆی) جیاوازییان چییە؟

نموونە:

من لە زنجیر و تەناف و دار و بەند باکم نییە،
لەت لەتم کەن، بمکوژن، هێشتا دەڵێم کوردم ئەمن

سەدان نموونەی ئـاوا بەردەستن، ئەوە ویسـتێکی گشـتییە، هـێمن لە دڵەوە بەشـێکە لەو ویسـتە و ئامادەشـە لەو پێنـاوەدا لەتـلەت بکرێـت. ویسـتی گشـتی ویسـتێکی مەزنە، ئەوانەی دەتـوانن ببـنە بڵنـدگۆی ویسـتی گشـتی و دەیببـڕن داهێـنەرن، بەتوانـان، سەرسـوڕهێنەرن. هێمن ئەو داهێـنەرەیە، بێ ئەوەی زۆر لە خۆی بکـات، بێ ئەوەی ڕۆڵ بگێڕێـت، بـووەتە دەمی (زار) گشتی.

بۆیە دەکرێ هەر کەسەمان دەیـان شیعری ئەو بێنینەوە کە لەنـاخەوە هەستی ئێمەیە، کە لەنـاخەوە ویستی ئێمەیە، جـا ویستی گشتییشە. ئەو دەربڕینە گشتییە لە ڕووح و دەمی کەسێکەوە لە هەموو هونەرێکدا هەیە، بۆ ئەوەی ڕوونتـر ببێـتەوە، ڕۆڵی چارلی چاپڵن لە سینەمادا، بەشی هەرە زۆریـان هەستی گشتیین، هەژاری و برسیەتی، چەوسـانەوە و بەئـامێرکردنی مرۆڤ دەیان بابەت و سیمەی دیکە، چارلی چاپڵن هەستی گشتی دەردەبڕێ، کە بێگومان هەستی خۆشیەتی.

- "خاکی بەر پێی تێکۆشەرێکی کوردم..." چەند ویستێکی گشـتییە، ئەوەنـدە ویسـتی تـاکیشـە. چەنـد ویسـتی کـوردە بەگشـتی ئەوەندەش ویست و ئومێدی هێمن خۆشیەتی.

- هونەری گەورە ئەوەیە ویستی خۆت بکەیە ویستی گشتی و ویستی گشتی بکەیە ویستی خۆت. ئەوە بەهـرەیە و بلیمەتیـی دەوێت.

ئەگەر لەسەر ئەو دیوەی داهێنـان بەردەوام بم، لە دنیـای هێمنـدا، دەکرێ سەدان شیعر بێنمەوە و سەدان لاپەڕە بنووسم. چونکە هێمن چانسی ئەوەی هەبووە ببێتە بڵندگۆی ویست و بەرژەوەندیی گشتیی نەتەوەکەی.

ئەوەی من بەدوایـدا دەگەڕێم هێمن خۆیەتی لەنـاو شیعرەکانیدا، چونکە هێمن وا قـووڵ تێکەڵـی ویستی گشتی بـووە، کە زەحمەتە ئەو دوانە لێک جیـاکەیەوە. بـۆ ئەوەش من پێویستە چەنـدان جـار بە نووسین و شیعرەکانیدا بچمەوە. سەرەڕای هەوڵی بەردەوامی هێمن بۆ لێکدان و موتوربەکردنی ویستی گشتی و خودی خۆی، بەڵام لە نائاگاییدا لە هەندێ دێڕ هەر دەرکەوتووە. ئەو (خۆبوونە) لە ناخافڵدا چووەتە ناو دێڕە هەرە هەستیارەکانەوە. کاری من ئەوەیە بیاندۆزمەوە.

هەر لە پێشـەکییەکەی (تـاریـک و ڕوون)ەوە هـێمن بەشـێکی خـۆی دەردەخـات، کە دەتـوانین بڵێـین ئەوە هێمـنە. واتـا لەو پێشەکییە بەناوبـانگەدا کە دەبێ هێمن خۆی بێت، کەچی هـێمن ژیـانی خۆشی دەکـاتە موڵکی گشـتی. (لە کوێـوە بـۆ کـوێ؟) تـاکە پێشەکیی دیوانێکە ئەوەندە ناوبـانگی پەیدا کردبێ و ئەوەندە خوێندرابێتەوە.

**- لە کوێوە بۆ کوێ؟**

[چ چیرۆکێک لە بەسەرهاتی ئینسانێک لە واقیع نزیکترە؟ ئەویش بەسەرهاتی ئینسانیکی نزیکەی پەنجا ساڵی لە ساڵەکانی چەرخی بیستەم، ئەو چەرخە سەیر و سەمەرەیە، ئەو چەرخە پڕ کێشە و شەڕ و شۆڕش و ئاڵوگۆڕە وەبیر بێ، بەتایبەتی ئەگەر ئەو ئینسانە کورد بێ، کوردێکی بێ بەش و چارەڕەش بێ و تا ڕادەیەک لە خەباتی ڕزگاریخوازی نەتەوە زوڵملێکراوەکەیدا بەشدار بووبێ. سەرجەمی بەرهەمەکانی مامۆستا هێمن، لاپەڕە ١٥]

هەموو ڕستەکان چەند هەستی گشتیین، ئەوەندەش تاکەکەسیین، چەرخێکی پڕ کێشە، واتا تەمەنێکی پڕ کێشە، کوردێکی بێبەش و چارەڕەش واتا هێمنی بێبەش و چارەڕەش.

ئەوەی جێگای سەرنجە کەسێک لە منداڵییەوە هەستی بە گرینگی خوێندن و نووسین و خزمەتی زمانەکەی کردووە، هەر لە سەرەتا و گوند گوند بە دوای گۆڤاری نیشتیمانی و نەتەوەییدا گەڕاوە، لە یەکەم کۆماری نەتەوەکەی ڕۆڵی گرینگی هەبووە، بە (شاعیری کۆمار) ناسراوە، کەچی دەڵێ، کوردێک کە (تاڕادەیە!) لە خەباتی ڕزگاریخوازی نەتەوە زوڵملێکراوەکەی بەشدار بووبێ. ئەو هەموو تەمەنە، ئەو هەموو کار و ماندووبوونە، تەمەنێک ئاوارەیی بە (تاڕادەیەک) بزانێ!

هێمن لە هەر شوێنێ بۆی گونجابێ، نائومێدیی خۆیی نەشاردووەتەوە، بەتایبەتی ئەو کاتانەی کە زانیویەتی ژیان بە ویست و بەرژەوەندیی گشتی ناگەیەنێ.

[دایەنەکەم ناوی یاسمین و خەڵکی ئازەربایجان بوو، لەلەکەم کە ناوی عیزەت بوو خەڵکی تورکیا بوو،.....لە سەروبەندی لەدایکبوونی مندا منداڵێکیان بووبوو، منداڵەکەی ئەوان لە من بەختەوەرتر بوو، نەژیابوو، تووشی کوێرەوەریی دنیا نەهاتبوو... سەرجەم بەرهەمەکانی مامۆستا هێمن. لاپەڕە ١٦]

چارەڕەشییەکەی زووتری لێرە وەڵام داوەتەوە، کە مردن دەخاتە خانەی بەختەوەرییەوە، ژیانیش کوێرەوەری. ئەگەر سیحر ئەو پێشەکییە بەرمدات، کە جاران بە ناوی پێشەکیی تاریک ڕوون ناوی دەهێنرا، زۆر حەز دەکەم، ئەو دێڕ و نیوەدێڕ شیعرانە بدۆزمەوە کە تۆوی نائومێدی یان نەسلی خۆی تێدا بەجێ هێشتوون.

٣- ٣ - ٢٠٢٢

## ناهومێدیی هێمن لە شیعرەکانیەوە

- هێمن، نەجیبزادانە بەشێکی کورتی لە ژیاننامەی خۆی نووسیوەتەوە، هەرچەند بەڵێنیشی داوە، کە دواتر لێفە لەسەر هەتیوان هەڵداتەوە، بەڵام ئەوەندەی من بزانم، هەڵی نەداوەتەوە. ئەوەی من بەدوایدا ویڵم، رووحی هێمنە لەناو شیعرەکانیدا، ئەوەش بە کاری خۆم دەزانم. من ئەو دێڕانە دەبینمەوە، کە ئەو لە دەستی دەرچوون، یان لە هەڵچوونێکی دەروونیدا لێورێژ بوون.

- مەبەستیشم لە نەجیبزادانە ئەوەیە، هێمن لە ناخەوە قەولێکی بە خۆی و هەموو ئەوانە داوە کە ڕێگا و ڕێبازی ئەویان گرتووە، ئەو بەڵێنەی قازی لەسەری چووە سەر دار. هێمن لە هەموو ڕستەیەکدا ئەو بەڵێنەی لەبیر بووە، لەپشت هەموو دێڕێکیەوە ڕەچاوی ئەو قەولەی کردووە. خۆڕاگری، بەهێزی، نیشتمانپەروەری، نەتەوەخوازی، ئازادیخوازی، هەموو دروشمەکانی کۆمار و نەتەوەکەی لەو سەردەمەدا و تا دواهەناسەی لەسەر ئەو بەڵێنە مایەوە.

- لەپێشەکییەکەی (تاریک و ڕوون)دا، ڕاستییەکم بۆ ئاشکرا دەکات کە بۆ من دیتنەوەی هەنگوینە لە کۆلکەداردا. ئەویش ئەوەیە:

[ ..منیش لەو سەردەمەدا تووشی نەخۆشییەکی رووحی هاتم. ناهومێدییەکی ڕەش ئاسۆی ژیان و بیرکردنەوەی داگرتم. ئەو ناهومێدییە زۆر جار تا حاڵی خۆکوشتن پاڵی پێوە دەنام. نامەوێ ئەو تاوانە باوێژمە سەر ئەستۆی کەس، بەڵام ئەوەندە دەڵێم، ناتەبایی و ناکۆکیی ناو خێزان و بنەماڵەی خۆمان، زۆری کار کردە سەر من. هەڵەی وام کرد کە نەدەبوو بە هیچ نرخێک بیانکەم، بەسەر پەلی وادا کەوتم، کە دەبوو خۆیان لێ بپارێزم. دوو ساڵی زۆر تاڵ و تفت و پڕ ڕەنج و کوێرەوەریم ڕابوارد و هەزار جار مەرگم بە ئاوات خواست. سەرجەم بەرهەمەکانی مامۆستا هێمن، لاپەڕە ٥٨].

- زۆرن ئەوانەی گیرۆدەی ناتەبایی ناو خێزان دەبن و زۆر جار ئەو ناتەباییە تا پلەیەکی بەرز دەڕوات و هەندێ جاریش کارەساتی لێ کەوتووەتەوە، بەڵام کەم هەبووە ئەو ناتەباییانە بووبنە هۆی خۆکوشتن و ئاوات بۆ نەمان خواستن.

- ئەوەی من مەبەستمە، ئەو (ناهومێدییە ڕەشە)ی هێمن باسی دەکات، زەمینەیەکی لەباری لە دەروونی هێمندا هەبووە، تا

لەسەری بڕوێت. ئاژاوە و کێشە خێزانییەکە دەڕوات، لیتاوی نائومێدییەکە دەمێنێتەوە، ئەو لیتاوە بەپیتترین خاکە، بۆ ئەوەی لە هەرکاتێکدا بێت ناهومێدی لەسەری سەر هەڵبداتەوە.

- ئەو حاڵەی هێمن شتێک نییە بۆ خۆی دروستی کردبێ، لە باری جەستەییشدا نیشانەکانی دەرکەوتوون و هێمن دەنووسێت:

[ڕەنج و کوێرەوەریی ژیان لە ٣٠ساڵیدا منی پیر کرد، سەر و ڕیشم بۆز بوو، ددانم شاش و واش بوون، چاوم حوکمی کەم بوو، هێز و توانام ڕۆژ بە ڕۆژ لە کەماسیی دا، هەموو شتم بەرەو نەمان چوو. سەرجەم بەرهەمەکانی هێمن، لاپەڕە ٥٨].

- ئەوەی گرنگە، هەستکردنی هێمنە بە کەماسییەکانی خۆی، هەستکردنیەتی بە بێتوانایی. دەشێ کەسێک لە سی ساڵیدا لەوە کەمتواناتر بێت، بەڵام ئیرادەیەک هەمووی ساڕێژ دەکات. هێمن دەیەوێ ساڕێژی بکات، ساڕێژکردنێک، کە وەڵامدانەوەی جەستەی لەگەڵدا نییە:

[..هەموو شتم بەرەو نەمان چوو، بێجگە لە هەستی شاعیرانەم، کە بە بڕوای خۆم، تا ئێستاش هەر لە زێدییە و کەمی نەکردووە، بەرهەمەکانی، هەمان لاپەڕە].

بەڵێ هەستی شاعیرانەی هێمن بالاتر بووە، بەڵام ئایا ئەوە لە خەمۆکییەکەی کەم کردووەتەوە؟ ئایا نائومێدیی ناخی ڕەواندووەتەوە؟

- من هەوڵ دەدەم بەدوای ئەو شیعرانەدا بگەڕێم، کە هێمن خۆیەتی، هەرچەند لە پێشەکییەکەدا ئەو ڕەگەم بە ڕوونی بۆ دەرکەوت.

- من کە باسی نائومێدیی هێمن دەکەم، باش ئەو شیعرانەشم خوێندووەتەوە، کە ئاگریان لێ هەڵدەستێ و سەردەمانێک، ئەو ئاگرەیان بردبووە دڵی هەر کەسێکەوە، کە خولیای نەتەوە و شیعری هەبووبێ:

من لە زنجیر و تەناف و دار و بەرد باکم نییە،
لەت لەتم کەن، بمکوژن، هێشتا دەڵێم کوردم ئەمن

ئەو شیعرە نەک نائومێدانە نییە، بەڵکوو سیمبولی بەرگری و بەگژداچوونەوەیە. لەگەڵ ئەوەشدا، من بەدوای ئەو شیعرانەدا ناگەڕێم، کە ڕاستەوخۆ باسی چارەڕەشی دەکات:

لەگەڵ چارەڕەشی و دوورەبەشی و نەگبەت دەبێ هەڵکەم،
لەمێژە چارەنووسی شاعیرانی کوردی هەر وایە

ئەگەرچی لەو شیعرەدا نەگبەتیی خۆی بە شاقەلی شاعیرییەکەی بەستووەتەوە، بۆ خۆی بەئاشکرا باسی کردووە، بۆیە ئەوە بەشێک نییە لەو نائومێدییەی من بەدوایدا دەگەڕێم. ڕاستە لەو شیعرانەدا ڕاستەوخۆ باسی دەستبەردان لە خۆشییەکانی ژیان دەکات، وەکوو دەڵێت:

هەموو عومری ئەبەد تێیدا نییە خۆشی دەمێک مەستی،
خدر ئاوی حەیاتی بۆ چ بوو؟ فێری شەڕابی با

دەستبەردان لە خۆشییەکانی ژیان هەرگیز بە مانای نائومێدی نایەت. ئەو بەشەی وتارەکە تەنیا بەسەر پێشەکی و بەشێک لە شیعرەکانی دیوانی تاریک و ڕووندا ڕاگەیشت، کە یەکەیەک شیعرە وەک پلیکانە ئاستی شاعیریەتیی هێمن بەرەوژوورتر دەبەن.

- ئەوەی جێگای سەرنجە، چەند ئاستی شیعری هێمن بەرزتر دەبێتەوە، چەند قووڵتر دەبێتەوە، ئەوەندە و زیاتر رووحی نائومێدیی هێمن ڕوونتر دەردەکەوێت.

- لە (ناڵەی جودایی)دا، لە پشت هەموو شیعرێکەوە بریسکەی نائومێدییەکەی دەدۆزینەوە، خەمی قووڵی نائومێدی لە ژیان و لە گەڕانەوە و لە تەمەن وەک کەف، سەر دەریای شیعرەکانی کەوتووە.

- دەشێ تەنیا ئەو شیعرە (قەسیدە) بەس بێ بۆ ئەوەی هێمن بەسەر دڵخوازەکەی خۆیەوە بگرین، کە نائومێدییە.

٩ - ٣ - ٢٠٢٢

## ناڵەی جوادیی.. شاکارە دەگمەنەکەی هێمن

(ناڵەی جودایی) یەکێکە لە شاکارە هەرە بەناوبانگ و دەگمەنەکانی ئەدەبی کورد و ناوچەکە و دەتوانم بڵێم جیهانیش. دەنگی شاعیر، کە دەنگێکی یەزدانانەیە، دەنگی تاکەکەسێکە، لە هەمان کاتدا دەنگی هەموو ئینسانێکی مەغدوور و دڵشکاو و نائومێدیشە.

- ئەگەر جاران هێمن خۆی لەناو بەرژەوەندی و ویستی نەتەوەکەی و گشتیدا تواندبێتەوە، واتا ئەگەر پێشتر بڵندگۆی گەلەکەی بووبێ، خۆی وەک ئینسان لەبیر کردبێ، تەنیا بۆ وڵاتەکەی هاواری کردبێ، کە بۆ خۆی بە جوانترین شێوە دەری دەبڕێ:

شیوەنی من شینی کوردی بێ بەشە
ئەو گەلەی حاشا دەکەن لێی و هەشە

ئەوە کێیە شیوەن دەکا، بێگومان هێمنە، زاری هێمنە، جەستەی هێمنە کە بووەتە جەستەی نەتەوەکەی. کەوتنی نەتەوەکەی ئەژنۆی دەشکێنێ، سووتانی نەتەوەکەی هەڵیدەقرچێنێ، بە زاری خۆی بۆ گەلەکەی هاوار دەکات. ئەو بۆ گەلێک هاوار دەکات، کە دنیا حاشا لە بوونی دەکات، حاشا لە ماف و وڵاتی دەکات، ئەویش لەوپەڕی تراژیدیدا دەڵێ ".. هەشە". هەشە، تاکە وشە و کورتترین وشەیە لە مێژوودا کە تەواوی ئازاری گەلێکی هەڵگرتووە. ئەوە تەنیا ڕوونکردنەوەیەکی سادە بوو لەسەر دیوی بە (گشتی) بووی هێمن. لە (ناڵەی جودایی)دا هەموو دنیا بە نەتەوەکەشیەوە لە هێمندا دەتوێتەوە. بابەتی من ئێستا ناڵەی جوداییە، بە پێچەوانەوە لە ناڵەی جوداییدا، هێمن سەنتەرە، هێمن بابەت و مەسەلەیە، ئەو بۆ خۆی هاوار دەکات و بۆ خۆی ناڵەی دێت. منیش لەو قەسیدەیەدا کە بوونی هێمنە، بەدوای نائومێدییەکەیدا دەگەڕێم، کە منی کردووەتە میراتگری.

بەشی یەکەمی ئەو قەسیدەیە بیست بەیتە، واتا چل و نیوە دێڕە. هەموو دێڕەکانی سەرڕێژن لە شکان و وێرانبوون و دەرد:

ئەم شەرابە تاڵە دەرمانی خەمە
لێی حەرام بێ ئەو کەسەی دەردی کەمە

ئەو وشانەی پڕن لە ئازار (تاڵ، خەم، حەرام، دەرد) بەڵام هێشتا ناکرێت بڵێین گەیشتووینەتە قووڵایی نائومێدیی هێمن، ئەویش لەبەر ئەوە نا کە نائومێدییان تێدا نییە، بەڵکوو لەبەرئەوەی نائومێدیی هێمن زۆر قووڵە.

مەی حەرامە بۆ سەھەندە و بێ خەمان
مەستی بێ خەم بۆچی بگرن ئێخەمان؟

(مەی) کە شلەیەکی مەستیگەرییە، بۆ کات بەسەربردن و کەمکردنەوەی سترێس و ئارامکردنەوەی دەروون بەکار دێت. لە دیدی هێمنی کوردەوە، حەرامە مەی بۆ کەسانێکی بێ خەم بێت و تەنیا بۆ کات بەسەربردن و خۆشی بخورێتەوە، ئەوە لۆژیکەکەیەتی، دەبێ مەی بۆ زاڵبوون بەسەر دەرد و ئازاردا بەکار بێت.

ئەم شەرابە تاڵە دەرمانی خەمە
لێی حەرام بێ ئەو کەسەی دەردی کەمە

نەک تەنیا شەرابەکە بۆ دەردەدار دادەنێ، لە بێدەردیشی حەرام دەکات. نەک هەر ئەوە، بەدرێژایی بیست دێڕ نەفرەت و توون بۆ بێخەمی شەرابخۆر دەنێرێ.

ملهوڕ، زۆردارییە، دەک بە ژەھری ماری بێ بادە و شەراب

هێمن برینداریی ناخی خۆی دەکاتە سەنتەری هەموو ئینسانەکانی دیکە. (موشتەریی وەک من لە مەیخانێ کەمن) ئەو تەنیا ئەو موشتەرییانە بەگەن دەکات و مافی شەرابخواردنیان دەداتێ، کە وەک ئەون. بەشی زۆری وەسفی خۆی لە وەسفێکی پێچەوانەدا دەربڕیوە، لەو هونەرەشدا پلەی داهێنان و هەیەجانی خوێنەر دەگەیەنێتە لوتکە:

ئەو کەسەی بێ خەم نییە و خانە خەراب
ئەو کەسەی نەیچێشتووە دەردی ژیان
ئەو کەسەی نەیدیوە ئێش و بڕک و ژان
ئەو کەسەی نەکرا نیشانەی تیر و خەم

شانی دانەخزا لەژێر باری ستەم

ئەو کەسەی هەستی بە زۆرداریی نەکرد

- کە وەسفەکانی پێچەوانە دەکاتەوە، بە هەمان ئاست نیشانەکەی دەپێکێ:

ئەو کەسەی دەستی لە ئەوکی بەردرا

ئەو کەسەی دوژمن لە ماڵی دەرکرا

ئەو کەسەی نەیبینی هاتی دوژمنی

نیری یەخسیری لە ئەستۆ داڕنی

تا دەگاتە... ئەو کەسەی (زیرەی نەگەییە ئاسمان.(

ئەو کەسەی دووری عەزیزانی نەدی

تیر و تانەی بێ تەمیزانی نەدی

تۆزی بەدبەختی لەسەر شانی نەنیشت

لێی نەگیرا دەوروپشت و چوار تەنیشت.

هەموو ئەو کەسانە لەبەر ئەوەی لەگەڵ (منەکەی) هێمندا یەک ناگرنەوە، نابێ بێنە مەیخانە و نابێ مەیخانە لە منەکانی هێمن تەنگ بکەن.

دڵشکان و مەی

لە بەشی دووەمی شیعرەکەدا کە (هەشت دێڕ، شازدە نیوە دێڕە)، بە جۆرێک شەراب وەک هاوەڵ و هاوخەمی دەردەداران بەکار دێنێ، کە ناکرێ لەسەر ئاستی دنیاش کەسێکی دیکە ئاوا سەیری شەرابی کردبێ:

ئەو کەسەی ڕاوی نەنێن لێرە و لەوێ

ئەو کوڕەی ماچی کچانی دەس کەوێ

.........

ئەو کەسەی بمژێ خوناوی گەردەنێ
کوفرە یەک قەترە شەرابی گەر دەنێ

تا ئێرە شەراب ڕووحی نائومێدیی هێمنی شاردووەتەوە. هەموو ئەو نەهامەتییەی باسیان دەکات، لە هێمندا هەن و شەراب شایانی ئەوە.

شاعیر جوانی پەرستی دڵ بەسۆ

- بەشی سێیەمی شیعرەکە، (نۆ دێڕە، لەو هەژدە نیوە دێرە)دا هێمن خۆی دەناسێنێ، خۆناساندنێکی وریایانەی شارەزایانە کە تەواوی ناخی خۆی هەڵڕشتووەتە ناو ڕستە و وشە و دێڕەکانەوە، ئەوەی ئێمەی خوێنەر دەمانەوێ لە زەینماندا بۆ شاعیرەکەی وێنا بکەین، ئەو ناخمان دەخوێنێتەوە و دەیخاتە بەردەستمان:

مەی حەڵاڵە بۆ منی وێرانەماڵ
بۆ منی سەرگەشتە و ڕووت و ڕەجاڵ
بۆ منی با بردەڵەی گردە نشین
بۆ منی دڵ پڕ لە ناسۆر و برین
بۆ منی ئاوارە و دوورە وەتەن
بولبولی بێ بەش لە گوڵزار و چەمەن
پەڕ وەریوی، باڵ شکاوی، دەنگ بڕاو
بێ بژێوی، بەش خوراوی، دەرکراو
پیری زورهانی، کەنەفتی، دەربەدەر
دیدە سووری، دڵ مەکۆی دەرد و کەسەر
داتەپیوی، بێ پەسیوی بێ قەرار
بێ کەسی دەستە شکاوی، کۆڵەوار
لێو بەباری، دەردەداری، ڕەنجەڕۆ
شاعیری جوانی پەرستی دڵ بەسۆ

**ئەنجام**

نووسین لەسەر ناڵەی جودایی تەواو نابێ، (هێشتا نەگەیشتوومە ناو مەنجەنیقەکەی)، جگە لەوەی حورمەتی بۆ شەراب گێڕاوەتەوە، بە جۆرێک باسی شەرابی کردووە کە تاقانەیە، زیاتر لە هەموو شت حورمەتی داوەتێ، هەمووی بۆ ئەوەی خۆی بناسێنێ، ناخی خۆی بەسەر لاپەڕە و شیعرەوە بڵاو بکاتەوە. هەموو وەسفەکانی بۆ ناخی خۆی کارەساتبارن، بەرگەگرتنیان ئەستەمە، بەلای کەمەوە، من وا دەزانم گەیشتوومەتە ئەنجام و نائومێدییم دۆزیوەتەوە، بەڵام دوا نیوە دێڕ خەیاڵم دەشکێنێ، ئەو دەرد و مەینەتییانە کە دەبێ نائومێدیی بەدوادا بێت، بە پێچەوانەوە (شاعیر، جوانی پەرستی دڵ بەسۆم)مان دەخاتەوە سەر دڵ.

١٩ - ٣ - ٢٠٢٢

---

## هێمن، ئازاد لەوپەڕی سادەییدا

من دەڵێم، دەڕۆم.

ناڵەی جودایی دەڵێ، نا نا مەڕۆ.

(ناڵەی جودایی) قەسیدەییەک نییە هەر کاتێک ویستت وازی لێ بێنی، ئەو ئازادییە سادەیەیە، گوند دەیدات بە خەڵکەکەی کە هەرچەند لێی دوور بکەنەوە، گەرمتر ئاوڕی بۆ دەدەنەوە. منیش وەک گوندییەک ویستم جێی بهێڵم، بەڵام ئەو توندتر گرتمی.

### خەونی ئازادی لەوپەڕی سادەییدا

بەشی سێیەمی ناڵەی جودایی شەش دێڕە یان بەیتە، لەو دوازدە نیوە دێڕەدا، ئازادیی سادەی هێمن دەبینین. لە وەسفکردنی شەرابدا، لە وەسفکردنی کەسێک، کە شایانی شەرابە، ماهییەتی ئاسوودەیی و ئازادی دەبینین، کە هەنگاوێک لە ئامانجی

وتارەکەی من دوور دەکەوینەوە، ئەویش سۆراغی نائومێدییە.

ئەو کەسەی ئاسوودە و خۆش ڕاییوارد
قەت خەمی یەخسیری و کۆیلانی نەخوارد

جگە لەو دوو نیوە دێڕە، کە لە خەم دەدوێ، کە بابەتەکەی کۆیلایەتییە، پێنج دێڕەکەی دیکە وەسفی ئەو شتە سادانە دەکات کە بۆ ئاسوودەیی پێویستن.

ئەو کەسەی خەمی یەخسیری نییە، خەمی کۆیلانی نییە، ئەو کەسە دەیەوێ بە شەراب چی لەبیر بکات؟ لەو جیهانە پڕستەمەدا، کە لە خەمی ئازادیدا نیت، ئەی بۆ شەراب دەخۆیەوە و بۆ خۆت مەست دەکەی؟

### ئاسوودەیی لە چیدایە؟

یەک لە ماڵێ چاوەڕێی بوو بێتەوە
دەرکی ئێوماڵێکی لێ بکرێتەوە
خەمڕەوێنێک گوێ بداتە ڕازی ئەو
نازەنینێک بێ بکێشێ نازی ئەو
بگرێ پەنجەی نەرم و نۆڵی ناسکێ
بۆی کرابێتە سەرینێ، باسکێ.

- ئاسوودەیی کورد تێچوویەکی زۆری نییە، داواکارییەکی گەورەش نییە، سادەیە، مافێکی چووکەڵەی ئینسانێکی سادەیە، ئەوەندەی کەسێک لە ماڵێ چاوەڕێت بکات، ئەوەندەی لەودیو دەرگاوە کەسێک هەبێت و دەرگات لێ بکاتەوە، کەسێک هەبێ گوێت لێ بگرێ، خەمت بڕەوێنێ.

- داواکارییەکانی ئینسانی کورد ئولفەتەکانیەتی، حەزەکانیەتی، ئاوارە نەبێت و بچێتەوە ماڵی خۆی.

- نیشتمان و ژن، ئەو دوو هاوڕێ و هاودەمەی هێمنن، کە تەواوی ئاسوودەیی ژیانیان پێوە بەندە.

- ئایا ئەگەر هێمن بچێتەوە ماڵ و نازەنینێک لەودیو دەرگاوە چاوەڕێی بکات، نازی بکێشێ و پەنجەی بگرێ و باسکی بۆ بکاتە سەرین، کە داوا و حاڵەتێکی ئەوپەڕی سادە و ئینسانیین، ئەگەر بێتە دی، بۆ دەبێ میزانی دنیا لەنگ بێ؟ بۆ دەبێ نەتەوەیەکگرتووەکان بەو باسکەی یارەکەی هێمن سەغڵەت بێت؟ بۆ دەبێ ئەو داوایەی هێمن دەوڵەتانی دنیا بگەیەنێتە حاڵەتی شێتیی مانگا و هەڕەشەی ئەوە بکەن، کە نابێ نەخشەی جیهان دەستکاری بکرێت و وڵاتانی ڕۆژهەڵات لەت بکرێن؟ ئەوە جێگای سەرسام بوونە، ئەو داوا بچووکە و ئەو کاردانەوە گەورەیە.!

- **ئەو کەسەی**:

هەیبێ هێز و گورد و تین و تار و گوڕ
ڕۆژگاری ڕەش نەبێ، بەختی مکوڕ
- ئەو کەسە جێگای لە مەیخانە نییە
ئەو کەسە بادە و شەڕابی بۆ چییە؟

ئەرکی شەراب لەو قەسیدەیەی هێمندا ئەرکێکی ئینسانییە، پارسەنگی هەموو ئەو کوشتنانەیە کە ڕووبەڕووی شاعیر بووەتەوە، ئەوەش چارەسەرێکی هێجگار نائومێدانەیە، لەبەرامبەر ئەو هەموو فەرامۆشییە، ئەو هەموو تاوانە، شاعیر تەنیا شەرابی هەڵبژاردووە بۆ خۆمەستکردن و ژیان لەبیرکردن. ئەو خوێندنەوەیە، نەک خوێندنەوەکە، ئەنجامگیرییەکە، ئەنجامگیریەکی ڕووکەشانەیە، چونکە تەنیا ئەگەر هێمن وەرگرین، وەک نوێنەری کورد و خۆیشی، تا دوا توانا ڕووبەرووی ستەم بوونەتەوە.

سەرەتا بە خوێندنەوە، جا بە وشیارکردنەوە و چوونە ناو ڕێکخراوەکان و چالاکیی ئاشتییانە، تا دەگاتە بەشداری لە کۆماردا، تا دەگاتە پێشمەرگایەتی و چەکهەڵگرتن، دوای نزیکبوونەوەی لە کۆتایی تەمەن و خامۆشکردنی زەمینەی ڕووبەڕووبوونەوە و بێئومێدیی نەتەوەیی، ئەو داخی دڵی خۆی بەو کەسانە دەڕێژێ کە دڵخۆش و بێکێشەن، تا دەگاتە ئەوانەی تاکە خەمڕەوێنێکیان هەیە، شەرابیان لێ حەرام دەکات.

- ئەوەش وەسفی ئەوانە نییە، کە بێ خەمن و شایانی شەراب نین، بەڵکوو وەسفی ژیانی ڕاستەقینەی خۆیەتی، کە تاکە خەمڕەوێنێک، کە تاکە دەستێک نیە بیگرێت و وەک ئینسان هاودەمێکی هەبێ.

- خۆشبەختیی مرۆڤی كورد چەند ئاسانە و چەند قورس لەسەری دەكەوێت.

- پێشتر دەبێ ئەوە بڵێم، كە سەردەمی نووسینی ناڵەی جودایی و شیعرە دەستە خوشكەكانی، كە لە كۆتاییەكانی، یان لوتكەی ئاوارەیی هێمندا نووسراون، سەردەمی تەقینەوە و باڵاكردنی بەهرەی هێمنن، بەنیازی خوێندنەوە و كەوتنە ناو ناخی بەهرەكەیەوە بەردەوام دەبم.

## هێمنی هونەرمەند

- ناكرێ ئەوەمان لەبیر بچێ، كە هێمن هەموو ئەو دەردەدارییانە بە شیعر دەنووسێ و بە فۆرمێكی كلاسیك، لەو شێوازەشدا ناچارە پابەندی چەندان ڕێسا و یاسای هونەری شیعریی بێ، دیارترینیان كێش و سەروا و قافییە و تۆن و ئاواز و تا دوایی.

- من هێمن بە نوێكەرەوەی و بە پایان گەیاندنی شێوازی كلاسیكیی نوێی شیعری كوردی دادەنێم، ئەو ئەركەشی لەوپەڕی سەركەوتندا بەجێ گەیاندووە. قەسیدەی (ناڵەی جوادیی)ش دەشێ باشترین نموونە بێت. هەموو هونەرێك و توانایەكی خۆی تیدا بەكار هێناوە.

- لە سەرەتای بەشی پێنجەمی قەسیدەكەدا، ڕووی شیعرەكە، یان ئاڕاستەی شیعرەكە بەتەواوی دەگۆڕێت، لە بەشەكانی سەرەتادا ڕووی لە (ئەو كەسەیە) كە شایانی شەراب نییە، لە بەشی پێنجەمدا ڕووی شیعرەكە دەكاتە (ساقییا)، بەوەش هەناسەی شیعرەكە و خوێنەر و بابەتەكەش تازە دەكاتەوە.

ساقییا وا وەرگەڕێ، وا وەرگەڕێ!
ڕوو لە لای من كە و مەچۆ بۆ سەرپەڕێ
لەنگەرێ بگرە، مەبە وا بەرزە فڕ
بێنە بۆ من، بێنە بۆ من جامێ پڕ

(جامێ پڕ) دەلالەتە لە زۆری حەسرەت و دڵشكانەكانی، تا دەگاتە ئەوەی كە (مەی) بۆ ئەو حەڵاڵە، چونكە وێرانەماڵ و ڕووت و ڕەجاڵە. لە دیدێكی ئەوەندە ئینسانی و بەرزەوە قسە لەگەڵ مەی، لەگەڵ ساقی دەكات، كە خوێنەر هەموو

ڕەوایەتییەکی تێدا دەدۆزێتەوە.

من هێشتا وێڵم بەدوای نائومێدییەکەی هێمندا، کە بوومەتە میراتگری.

٢٧ - ٣- ٢٠٢٢

---

## نالەی جودایی.. مەی وەک دوا پەنای شاعیر

ساقیا بۆ کوێ دەچی، بۆ کوێ دەچی؟
تۆش لەبەر ئەو ملهوڕانە ملکەچی؟

ئەوە دووەم بەشی نالەی جودابیە کە بە (ساقیا) دەست پێدەکات، (ساقی) لە شیعری کلاسکی کوردیدا ئەوەندە بەکار هاتووە کە بووەتە بەشێک لێی، بەڵام (ساقییا)، بە خستنە سەری (یا) وەک ئامرازی بانگکردن و ئاگادارکردنەوە کە هێمن بۆ هەردوو مەبەست بەکاری هێناوە، تایبەت بە خۆیەتی و دەگمەن ئەگەر کەسێک بەکاری هێنابێ، ئەگەر هەشبێ بەو گرینگی و گەورەییەی هێمن نییە. ئەوەش بەشێکە لەو نەفەسەی هێمن بۆ زیادکردنی مانا و تۆنێک و تەکنیکێکی تایبەت بەکاری هێناوە.

لە سەرەتای گۆڕینی تۆن و ئاراستەی شیعرەکە بە ساقییا، هێمن خۆی دەناسێنێ بە (وێرانە ماڵ، ڕووت و ڕەجاڵ، باڵشکاو، بێکەس، دەستەشکاو..) کە پێشتر ئامادەباشیی کردبوو. لە دووەم دەنگ هەڵبڕینی بۆ بانگکردنی ساقی، ئاراستە و مەبەستەکەی دەگۆڕێ:

تۆش بە ڕەنگ و بۆی ئەوان خواردت فریو؟
چاوی تۆشی هەڵفریواند زێڕ و زیو؟

ئەوانە پرسیارن، ئەو پرسیارانانە كە وەڵامیان لە خۆیاندایە، {تۆ(ش)} دەلالەتی بەردەوامییە، تۆش چونی كەسێكە بۆ ناو گرووپێكی فریوخواردوو.

تۆش دەگۆڕیەوە لەگەڵ گەوهەر هونەر؟
كەنگێ گەوهەر جوانی كردن بەختەوەر!
زێڕ بەڵایە، بێ وەفایە دەوڵەمەند
هەر هونەر نەمرە، هونەروەر مەرد و ڕەند

- بەشی زۆری خەڵكی هونەریان بە زێڕ و گەوهەر گۆڕیوەتەوە، ئەوەش مانایەكی پەنهانە لەودیو دێڕەكەوە، پرسیارەكە ڕووی لە ساقییە، ئاگاداریشی دەكاتەوە كە زێڕ جوانان بەختەوەر ناكەن، چونكە زێر بەڵایە، خاوەنەكەشی بێوەفایە. ئەوەش لۆژیكێكە هێمن و ئایدۆلۆژیاكەی دروستیان كردووە.

- لەبەرئەوەی شەراب تەنیا بۆ ستەمدیدان حەڵاڵە، ئەو ستەمدیدەیەش هونەرمەندە، لە باشترین حاڵەتدا ئەو كەسە هێمنە.، ئەو كەسەش دژی بێوەفاییە و چەقی وەفایە، كەواتە پێویستە:

وا مەچۆ، گیانە مەچۆ، واوە مەچۆ،

ئەوەیە قودرەتی شاعیر، خۆی پادشای مەیدانەكەیە و هەر خۆی فەرمان دەكات، پادشا ئەو كەسەیە كە لە دیدی خۆیەوە دنیا دەگێڕێتەوە، نەک پادشای سەرتەخت:

وا وەرە، دەی وا وەرە، نزیک بە لێم،
بمدەیە مەی، بمدەیە مەی تا دەڵێم

چ فەرمانێكی پادشایانەیە، ئەو پادشایەی تەنیا ئەوەی لەدەست دێت، لە جەوری ڕۆژگار سەری خۆی هەڵگرێ، ڕوو لە كونجێكی مەیخانەیەكی دوور بكات.

ئەو سەمەرە یان بەرهەمە دەداتە ساقی، كە خاوەن زێڕ ناتوانێ بیداتێ:

گوێم دەیە ئەی دیدەمەستی ڤیت و ڤۆز!
تا بناڵێنم وەکوو بلوێر بەسۆز
نابێ ڤەت ناڵەی جودایی بێ ئەسەر،
جا چ نەی بیکە چ پیاوی دەربەدەر

ئەو دوو بەیتە سەرەتایەکی ئاگرینە بۆ تەڤینەوەی هەستی شاعیرانەی هێمن، لێرەوە جوانترین دێڕەکانی، جوانترین هەست و بیرکردنەوەکانی دەنووسێت.

- هەموو ئەوەی تا ئێرە نووسیبووی، بیانوویەکە، هۆیەکە بۆ ئەوەی ڕێگا بۆ تەڤینەوەی ناخی خۆشتر بکات، ژیانی لەوپەڕی بەتاڵی و لەوپەڕی خرۆشان و داهێناندا بنووسێتەوە. بەشەکانی دواتری ئەوەندە دڵشکاوانە، سەربەرزانە، مەغدوورانە، بێبەشانە، کوژراوانە نووسیوە کە باوەڕ ناکرێت هەموو ئەو هەستانە لەناو وشەدا جێگایان ببێتەوە.

بۆیە ناڵەم تێکەڵی نەی کردووە،
شیوەنێکم پێیە نەی نەیکردووە
...
شیوەنی من شیوەنی ئینسانییە،
بانگی ئازادی و گرۆی یەکسانییە

سەنتەر خودی هێمنە، بەڵام هێمنێکی هێندە باڵاکردوو، هێندە پێگەیشتوو و کامڵ کە دەشێ نوێنەری سەرانسەری ئیسنانییەت بێ. ناڵەی هێمن بانگی ئازادیی خێزان و گوندەکەیەتی، هی گەلەکەیەتی، هی تەواوی ئینسانییەتە. ئەو بەشەی شیعرەکە جوانترین و کاریگەرترین لاوانەوەیە بەسەر تەرمێکەوە خوێندبێتمەوە، ئەویش گریانی هێمنە بەسەر تەرمی ئازادیدا. هێمن بۆ خۆشی هەستی بەو پلەیە کردووە کە گەیشتوویەتێ، بۆیە دەڵێ:

با لە زارم بێتەوە پشکۆی شێعر،
با فراوانتر بکەم ئاسۆی شێعر.
پارچە گۆشتێکە دڵی من ڕوو نییە،
ناڵە ناڵی من درەنگە زوو نییە

ئەوە هەمووی پشکۆی شیعرە لە دەمی هێمنەوە دێتە دەرێ، ئەو سیحرەی هێمن لە وشەی کردووە، تا ئێستا لە هیچ دەقێکی دیکەدا نەبینراوە. وشەی (مامۆستا هێمنە) ئاسۆی شیعر فراوان دەکات. هەتا بەلای خودی هێمنیشەوە سەیرە ئەو هەموو هەستە سیحراوییە لە زاری ئەوەوە بڕژێ، پارچە گۆشتێک کە دڵیەتی بەرگەی بگرێ، هەر کەسێک زمانەکەی هێمن بزانێ بیخوێنێتەوە بەلایەوە سەیرە هەموو ئەو هەستانە لە سینگێکدا بێت و هێشتا ئەو سینگە کڵپەی نەکردبێ.

- دەردی دووری، دەردی وشیاری، دەردی سەبووری، هێمنی بە زیندوویی کوشتووە.
- یادی یاران، یادی وڵات، تەنهایی ژیانیان لێ حەرام کردووە.
- ئەوەی ژیانی لێ حەرام بکرێت، مەی بۆ حەڵاڵ دەبێت.

نابینم خاک و وڵات و شاری خۆم،
نابینم ناسیاو و دۆست و یاری خۆم

بۆ ئەو هەموو نەهامەتیانە، بۆ ئەو هەموو ئازارە بەسوێیانە، هێمن هیچ چاوەڕوانییەکی لە دادپەروەریی جیهان نییە، هیچ داوایەکیان لێ ناکات، وشەکانی خۆی زۆر لەوە بەنرختر و بە بەرزتر دەزانێ، لەوانیان خەسار کات، ئاڕاستەی ئەو تەنیا ساقییە، ئەوەی پێی نارەحەتە ئەوەیە کە دنیا هەموو بەخشێشێکی بۆ بێخەمەکان تەرخان کردووە، بۆ دەبێ مەی و ساقییش بۆ ئەوان بن، تەنیا ئەوەندە دەپرسێ:

چۆن پەنا بۆ مەی نەبەم! ساقی ئەدی؟

## هێمن، شەڵاڵ لە کورد

کوردەواری ئەی وڵاتە جوانەکەم،
ڕۆڵەکەم، خێزانەکەم، باوانەکەم،

ناڵەی جودایی تەنیا ناوەکە بۆ خۆی، ڕووحی شیعرەکە و هەستی هێمنی بە تەواوی هەڵگرتووە، لە هەموو شتێکدا جودایی، هەر ئەو جوداییەشە ناخی هێمنی هەلاهەلا کردووە.

تەنیایی، بابەتێکی سەرەکیی شیعری کوردی و جیهانی بووە، مامۆستا هەردی دیوانە تاقانەکەی ناو ناوە (ڕازی تەنهایی)، هەموو شیعرەکان گۆران قەرزداری هەستی تەنیایین، ئەوە بۆ ڕۆمان و چیرۆکیش ڕاستە. لای هێمن هەستی تەنیایی دەگاتە لوتکە ئەو تەنیاییەی نەک بووەتە بەشێک لە ژیانی، بەڵکوو بووەتە سەرجەمی ژیانی، ئەو تەنیاییەی ناخی هێمنی هەڵڕشتووەتە سەر کاغەز، بەبێ ئەو تەنیاییەی کە هێمن بە جودایی ناوی بردووە، مەحاڵ بوو ئەو شیعرە مەزنە بنووسرێ.

### دوو جۆر تەنیایی هەیە

**یەکەمیان**: ئەو تەنیاییەی کە خۆمان هەڵیدەبژێرین، یان دەوروبەر وەک مافێک دەیخاتە بەر دەستمان، کە تەنیایی ڕۆمانسی یان شاعیرانەشی پێدەگوترێ. بۆ نموونە، کاتێک لە خێزان و دۆست پەنا دەگرین، بۆ ئەوەی لەگەڵ خۆماندا بژین، بەتەنیا دەچینە ژوورێکەوە، یان لە باخچەیەک دەمێنینەوە یان بەتەنیا سەفەر دەکەین. ئەوە تەنیاییمان هەڵبژاردووە، ئەو تەنیاییە کەی ویستمان دەتوانین بیشکێنین، کۆتایی پێبهێنین.

**دووەم**: تەنیایی سەپێنراو یان تەنیایی ڕاستەقینە. تەنیایی ڕاستەقینە ئەو تەنیاییەیە کە بەسەرتدا سەپێنراوە و ناتوانی ڕزگارت بێ لێی. ئەو تەنیاییە کە شکاندنی بەدەست کەسە تەنیاکە نییە. ئەوەی یەک جار تەنیایی ڕاستەقینە تاقی بکاتەوە هەرگیز ئاواتی بۆ ناخوازێتەوە.

ئەوەی هێمنی گەیاندووەتەوە ئەو پلە بەرزەی داهێنان، ئازاری تەنیایی ڕاستەقینەیە، تەنیاییەکە کە بەدەست هێمن نییە،

بیشكێنێ یان كۆتایی پێبێنێ. هەر لەبەر ئەوەشە دەیەوێ هەموو هەستەكانی بە دەرەوەی خۆی بگەیەنێ، گومانی هەیە كەسێك هەست بەو خەمە قووڵ و فكرە ئینسانیانەی بكات.

ئەی ئەوانەی قەت لەبیرم ناچنەوە
ئێستا بمبینن ئەرێ دەمناسنەوە
ڕۆژگار هاڕیومی وەک ئەسپونی ورد
هێز و توانا لێبڕیوم دەردە كورد

ئەوانە كێن هێمن قەت لەبیری ناچنەوە؟ بە پلەی یەكەم، خێزان و بنەماڵەكەیەتی، ئەو كەسانەی دیتن و ژیان لەگەڵیان نەک مافە بەڵكوو ئەركی شاعیرە لەگەڵیان بێت و هاودەمیان بێت و هاوكاریان بێت. ئەوەیە تەنیایی ڕاستەقینە كە دووریان وەک ئەسپون وردت دەكات، ئەوە ئەو دوورییەیە كە كەس ئاواتی بۆ ناخوازێ. جگە لەو دوورییە هەموو دوورییەكی دیكە ئەتەكێتە و كاریگەریی لەسەر داهێنان نییە.

ئەوەش هەمووی بە هۆی دەردێكەوە و كە تەنیا ئینسانی كورد تووشی دەبێت ئەویش دەردەكوردە. كورد تاكە نەتەوەشە، كە ئینتیمای سروشتی بۆی بە دەرد بێتە هەژمار.

ئەی ڕەفیقان

ئەی ڕەفیقانیش وەک ساقییا، بۆ بانگكردن و ئاگاداركردنەوە فریای هێمن كەوتووە

ئەی ڕەفیقان، ئەی عەزیزانی وڵات!
ئەی برای هاوسەنگەری جەرگەی خەبات!

لەو بەشەی ناڵەی جوادییدا، شاعیر بە تەواوی دەست لە ناهومێدی هەڵدەگرێت و حەقیقەتی خۆی دەیگێڕێتەوە، حەقیقەتی بەرەنگاری و تەسلیم نەبوون و تێكۆشانی. ڕەفیقانی ئەو هاوسەنگەرانی خەباتن.

گەر دەناڵێنم، ئەمن پەككەوتە نییم
تێ دەكۆشم بۆ وەسڵ تاكوو دەژیم

ناڵاندن ئەو دەنگەیە کە لەوپەڕی بێهێزی و دژایەتییەوە دێت، غەدرلێکراوی بەهێز ناڵەی نایات، هاوار دەکات، هێمنیش بە دەنگی کوردەوە هاواری کردووە، کەچی ئەوەتا هاوارەکەی گەییوەتە ناڵە، ئەو بە ناڵەشەوە تا مردن تێدەکۆشێ.

چۆن نەناڵێ ئەو دڵەی پڕ هەستی من؟
چۆن لە ئەژنۆ ببنەوە دوو دەستی من؟
چۆن نەناڵێ ئەو دڵە ئەنگاوتەیە؟
بەرد لە بەردی بێتەوە دەنگی هەیە؟

وەسفی هێمن بۆ دەردی جودایی کە کاسەیەکی پڕ و کامڵە، لە وشەی بەرددا دەگاتە ترۆپک، ئەگەر دڵی ئەو گەلە بەردیش بێت، ئەگەر دڵی ئەو شاعیرە بەردیش بێت، لە لەتکردن و جوداکردنەوەیاندا هەر ناڵە و دەنگێکیان لێ بەرز دەبێتەوە. برینداربوون و هەلاهەلابوون لای هێمن هەیە، نەبەزین هەرگیز سەر بە فەرهەنگەکەی داناکات، لە دوای ناڵە و فیغانی بەردی دڵیشی، پەنا بۆ وشە دەبات و ئەوەندەی دەکرێ بارگاوی دەکات بە مانا، هەر بۆ نموونە وشەی (دێم) تەنیا لە بەشی کۆتاییدا ٣١ جاری بەکارهێناوە، ٣١ جار دێت بۆ زێد و نیشتمانی، ٣١ جار دێت، بۆ کانیاو و لوتکەی شاخی، تا دەڵێ:

تا بمێنێ نووری چاو هێزی پێم،
دێم و دێم و دێم و دێم و دێم و دێم

هێمن بەو قەڵای ورەیەی لە (دێم و دێمی) وەرگرتووە، خەریکە خەیاڵەکەی من بۆ دۆزینەوەی رووحییەتی نائومێدی ون دەکات. من بەردەوام دەبم و شیعری (ئێوارەی پاییز) دەکەم بە مەیدانی دۆزینەوەی نائومێدییەکەی.

٣ - ٤ - ٢٠٢٢

## هێمن بە ڕەنگی پاییز

(ئێوارەی پایز)، ڕۆحی ئاوارەی هێمنە، هەر ئەو قەسیدەیەشە نائومێدیی شاعیر دەگەیەنێتە لوتکە.

یەکەم ڕستەی ئەو قەسیدەیە: (لە ئاسۆیەکی دوورەدەست)، هەردووک ڕەهەندی تێدایە:

- ئاسۆ، ڕەمزی ئومێد و بەیانییە، ئاسۆ بەردەوامی و ژیانە، کام ئومێد؟ ئومێدێکی دوورەدەست.

- ئەو ئومێدەی دوورە و دەست نایگاتێ. سەرەڕای ئەوەش لەو ئاسۆیەوە (ئاوابوو زەردەی پایزی).
هێمن لە شوێنێکدا، کە یادی ئاسۆ دەکاتەوە کە ئاسۆمان پیشان دەدات، هەر لەتەنیشت ئەو دەنووسێ، دوورەدەست و ئاوابوو.

- ئێوارەی پایز، کە ئاوێنەی ناخی هێمنە، سی و نۆ (چوار بەیتییە) لە هەر کامێکیان ورد بیتەوە، ئومێد و نائومێدیی تێدایە، بەڵام چ ئومێدێک؟ ئەو ئومێدەی دوورەدەستە.

هەوا بولێڵە، ئاو لێڵە
گوڵ سیس بووە، گەڵا زەردە،
تەنانەت ڕەنگی گۆڕاوە
ئەو دیوار و دار و بەردە

شاعیر بەرەوماڵ دەبێتەوە، وێنەی هەموو شتێک بە تەواوی وردەکاریەکانیەوە دەگرێ. ئەوەی لە هەموو وێنەکاندا هاوبەشە، خامۆشییەکە، کە تەواوی فەزای قەسیدەکەی داپۆشیوە، فەزای زمان و فەزای دەنگ و ئاواز و فەزای ڕووداوەکانیش. هێمن نایەوێ خوێنەر بباتە فەزای بیرکردنەوەی خۆیەوە، بەڵکوو خوێنەر بێ ئەوەی هەست بکات، لە ناوەندی فەزاکەدایە.

خوێنەر دەخاتە سەر باڵی هەورێکی چڵکن و ناو هێلانەی کۆتر و فڕینی پاسارییەوە، بە مۆسیقاوە خوێنەر دەخاتە سەر

ڕێگای نازدارێکی چارشێوە بەسەر کە دەشێ خێسەی بداتێ. هەموو ئەوانە بەدەم ڕێگای شاعیرەوە بەرەو ماڵ. چەند نزیکتر دەبێتەوە، وێنەکان تەڵختر و قورستر دەبنەوە، تا هەوا و ئاو وێکڕا لێڵ دەبن، چیدی (شوێنەواری جوانی) بەدی ناکرێ.

- ئەوەی من بەدوایدا دەگەڕێم، کە وا هەست دەکەم گەیشتوومەتە ئامانجەکەشم، ئەویش دۆزینەوەی نائومێدییە لە ناخی شیعرەکانی هێمندا، ئەو نائومێدییەی لە وێنەیەکەوە من پێی ئاشنا بووم، هەر لەو کاتەشەوە بوومە میراتگری نائومێدییەکەی.

تەماشای هەر شتێ دەکەم،
ڕەنگی پایزی گرتووە،
جوانی خۆی لێشاردوومەوە،
دزێوی ڕیزی گرتووە

ژیانی شاعیر، بەتایبەت لە کلاسیکی نوێدا، بەشێکی گرنگ و پتەوی شیعرەکانیەتی. شاعیرێک، کە ئەو هەموو برینەی لەگەڵ خۆی هێناوە، شاعیرێک نەتەوەیی بووە و باجەکەی داوە، شاعیرێک ئینسان بووە و بەرگەی گرتووە، هەموو ئەوانە پەڵەی هێجگار بەسوێیان بەسەر جەستە و ناخیدا جێ هێشتووە، لە هەموو ڕستەیەکدا خۆی دەگێڕێتەوە، پرسیارەکە ئەوەیە، کێ وەک هێمن خۆی دەگێڕێتەوە؟

ئارام ئارام بە لۆژە لۆژ
ئەوا بەرەو ماڵ بوومەوە
نە کەس لە پێشمدا دەڕوا
نەکەس دیارە بەدوومەوە

ڕۆڵەکەی مهاباد، کوڕە خوێندەوارەکەی گوندی لاچین، ئەو دۆستی قازی بووە، سوێی لەسێدارەدانی ئەوی چووەتە دڵەوە. ڕۆڵەکەی مهاباد، ئەوەی زەمانێکە خۆشەویست و ڕۆڵەی جێ هێشتووە، ئەوەی کولتوور و ژیان و خۆشەویستی، نزیکەی یەک سەدەی لەگەڵ خۆی بردووە، بەڕاستی ژیان وەک ئەسپوونی ورد کوتاویەتی، لە بەغدایەک، کە هەموو شتێکی بۆ ئەو نامۆیە، لە ئێوارەیەکی پاییزدا بەرەو ماڵ دەبێتەوە.

## تراژیدیای بەرەو ماڵ بوونەوە!

مرۆ لە هەموو شوێنێک بەپەلەیە بۆ ئەوەی بەرەو ماڵ بێتەوە، ماڵ ڕەمزی ئارامی و خۆشەویستی و سکوونەتە. نائارامی لەو ڕۆژانەدایە کە ناتوانی تێیاندا بچیەوە ماڵێ. هیچ شارێک هی تۆ نییە کە ماڵێکت تێیدا نەبێ، لە هەر شارێکدا بژی کە ماڵت تێیدا نەبوو، ڕێبواری. ئەوە بابەتێکی بە شەوق و چێژە، بابەتی ماڵ، بەس بۆ ئێرە نا، پرسیارەکە ئەوەیە:

- تراژیدیای (بەرەو ماڵ بوونەوە) چییە بۆ هێمن، کە ماڵ سەرچاوەی ئارامییە؟

لەو قەسیدەیەدا، لەناو هەموو وشەیەکیدا هەستم کردووە من لەوێم، لە ناخی هێمندام. تەنیا من تراژیدایای بەرەو ماڵەوە بوونی هێمن دەناسم:

با ئەوەش بپرسین چ ماڵێک؟
ئاخ دیسان دەبێ ڕابوێرم
لە ژوورێکی سارد و سڕدا!
دەگەڵ ئازار دەستەملان بم
تا بەیان لە نوێنی شڕدا!

ئەوە دیمەنی ئەو ماڵەیە، کە هێمن هەیەتی، ژوورێکی سارد و سڕ، نوێنی شڕ. هەر کەسەو لە ئێوە وێنەی ژووری پیاوێکی تەنیای ماندووی دێتە بەرچاو، پیاوێک (داهێزراو و ڕووگرژ تووڕە - دڵ پڕ تاسە، مێشک بە تاڵ) ژوورێک کە ناکرێ ماڵ بێ، تەنیا شوێنێکە دەبێ هەبێ، بۆ ژیان نا، بەڵکوو بۆ خۆپەنادان. بزانین لەجیاتی ئارامیی ماڵ، چی چاوەڕێی هێمن دەکات:

دەڕۆم، دەترسم، دەلەرزم
لە پەلاماری مۆتەی شەو
داد لە دەس ئەم دڵەی بە خەم!
وای لە دەس ئەم چاوەی بێ خەو!

ئەوە ئەو دێڕانەیە، کە من بەدوایاندا وێڵم، ئەو دێڕانەی کە هێمن خۆیەتی، تەواو خۆیەتی، (پیاوێکی ترساو و لەرزاو، کە شەو بووەتە مۆتەکە و هێرشی بۆ دێنێ).

- ئەوەی سیحری ئەو ڕستانە دەگەیەنێتە ناخ، تەنیا شتێکە، ئەویش ئەوەیە هێمن بەوپەڕی ڕاستگۆیی، بەوپەڕی بوێری، خاڵە هەر لاوازەکانی پاڵەوانێک و ڕەمزێکی شۆڕشگێڕی و خەباتی بۆ بەیان کردووین، سنوورێک بۆ پاڵەوانی ئالی دادەنێ. مەبەست لە پاڵەوانی ئالی چییە؟


دووریی پاڵەوانی ئەفسانەیی و پاڵەوانی ئالی، هێمنی شۆڕشگێڕی (دێم و دێم و دێمە) لە بەرامبەر هێمنێکی داهێزراو و ترساو لە مۆتەی شەو، دیسان دەبێ چاوەڕێ بکەی تا پێت بڵێم، شکانی پاڵەوانی ئالی چییە؟ ئەو دوو پاڵەوانە پاڵەوانی ئالی شۆڕشگێڕ و پاڵەوانی لەرزیو و جیاوازییان لە چیدایە؟

١٠ - ٤ - ٢٠٢٢

---

سەرچاوە: ماڵپەڕی باسنیوز – ڕێکەوتی: ١٠ی ئەپریلی ٢٠٢٢

---



کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ڕەحمان نەقشی

ڕێبەندانی ٢٧٢٢ی کوردی = فێبریوێری ٢٠٢٢ی زایینی